# بابێن.. دەنگخۆشەکانی شار بێن

## حەمە کاکەڕەش




بەردەوام مەستی گەڕان بوو
بۆ دۆزینەوەی تەرمی باڵندە و گوڵەکان
تەرمی باڵندەو گوڵەکانی دەدۆزییەوە
بانگی هەموو دەنگخۆشەکانی شاری دەکرد
دەیوت وەرن گوڵ و باڵندەکان بلاوێننەوە
گۆرانییە خەمناکەکان بڕژێننە شوێن پێی مەرگەوە
بە کچەکانی دەوت وەک ڕۆژی بوکێنی
خۆتان لەتەل بدەن و خۆتان برازێننەوە
بە منداڵەکانی دەوت وەک ڕۆژەکانی جەژن
جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و ئاڵوواڵا لەبەرکەن
بە پیرێژنەکانی دەوت
تەمی خەمی سەر لێوەکانتان بتەکێنن و

چاوەکانتان بۆ دواجار بڕژن و
نینۆکەکانتان بۆیە کەن و
قژی لول و شێواوتان شانەکەن و
مەمکە چرچ و لۆچەکانتان کەمێ قوتکەنەوە
دەیوت بابێن پیرەمێردە دڵشکاوەکانی ڕۆژانی باران
ئەو پشکۆیانەی بە ئەستەم
گەرمیی ژیان لە دڵ و دەستەکانیاندا ماوە
ئەو لافاوانەی لە دڵۆپێک ئاوی کوژراو دەچن
ئەو پیرەمێردانەی هەناسەیان پڕە لە زریان
زریانێکی خامۆش چاوەکانیان پڕە لە تیشک
تیشکێکی سارد،
باڵەکانیان پڕن لە فڕین
فڕینی ڕۆژانی منالّی
منالّییەکی بێئۆقرەی دڵشکاو
دڵشکانێک کە هیچ کەسێک پارچەیەکی نابینێتەوە
تا قیامەت
قیامەتێک کە هاتنی لە هیچ و پووچیی گوماندا سەرگەردانەو
تا قیامەت هەر دەرناکەوێت وەک قیامەت
با بێن دەنگخۆشەکانی شار بێن
دنیا پڕکەن لە گۆرانی
گۆرانییەک دڵی بەردەکان پڕکات لە ئاو
دڵی ئاوەکان ئاگر بگرێ
گۆرانییەک کەمێک دەرەقەتی بێمانایی مردن بێت
کەمێک نیگەرانییەکانی ژیان
بە ئاوپرژێنی خەیاڵ و سادەیی بسپێرێ
گۆرانییەک توانای کردنەوەی پەنجەرەیەکی هەبێت
بە ڕووی مردندا
یان پەنجەرەیەک لە دیوارە پانەکانی مردن بکاتەوە
بۆ ئەوەی گوڵ و باڵندەکان بتوانن
لەوێوە ئا لەوێوە شینایی ئاسمان و
سەوزایی باخچە ببینن
هەڵمی دەریاکان و تەمی سەر دارستانەکان ببینن
پیاسەی ئێوارانی دڵە غەمگینەکان و
چاوی پڕ گریانی باران و
شەلەشەلی کزەبای مەغریب و
شەوی تەنیایی و خۆکوشتن ببینن

فڕینی پرمانای کۆترەکان و
وەڕینی پڕغەمی سەگەکان و
بێدەنگیی پر مانای عاشقەکان ببینن،
بابێن دەنگخۆشەکانی شار بێن
سۆزی دەنگیان بڕژێننە خامۆشیی تەرمەکانەوە
بابێن ئەوانەی ئەهلی عەشقن
ئەوانەی تەنیایی لایەک لە دڵی خواردوون
تەنیایی وەک تەمێک تروسکەی سیمایان دادەپۆشێ
بەسەر تەرمی گوڵ و باڵندەکانەوە دەگریا
پێدەکەنی هاواری دەکرد،
دەیوت: ئێستایش ئەو ئێوارەیەم لەیادە
وەک چۆن ئەم تەرمانەم لەیاد ناچنەوە
ئاوا ئەو ئێوارەیەم لە یادە
ئێوارەک بوو پڕ ئاشوب پڕ ترس
پڕ نیگەرانی و سەرگەردانی
ئا لەو ئێوارەیەدا بوو گوڵێک لە لێوەکانم ڕواو
باڵندەیەک منی لەسەر باڵەکانی داناو فڕی بۆ ئاسمان
لەو کاتەدا وا هەستم دەکرد من لە نەوەی باڵندەو گوڵەکانم
یان بە منداڵی بە شوێن پێی باڵندەکاندا ڕۆیشتووم
لە گەردەلوولەکاندا بۆ پەڕی باڵە شکاوەکان و
گوڵە وەریوەکان گەڕاوم.